# هەڵبژاردن و گوتاری کلاسیکی ئەحزاب

سەلاحەدین بایەزیدی

لەهەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا کە ماوەیەکی دیاریکراوەو هەر لیستێک بەرنامەو دروشمەکانی خۆی دەخاتە ڕوو، لەپێناو قازانج کردنی دەنگی زیاتری هاولاتییان، گوتاری سیاسیی و ستراتیژیی بەشداربووانی هەڵبژاردن بەباشی دەخوێندرێتەوە. بەئاسانی دەتوانی هێڵی سیاسی لایەنەکان بخوێنیتەوە، چونکە لەو ماوەیەدا هەر لایەنێک هەوڵ دەدات شەفافییەتی بەرنامەو کارەکانی بخاتە ڕوو. شەفافییەت لە دروشم و پراکتیکدا پێش مەرجی سەرەکییە بۆ براوەبوون.
بەخوێندنەوەیەکی سەرپێیی ئەم دروشم و لافیتانەی شەقام و مەیدانە گشتییەکانی شاریان رازاندۆتەوە و هەروەها بیستن و بینینی ئەو ریکلامانەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا بلاو دەبنەوە، بەئاسانی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو گوتارەی لیستەکانی کوردستانی کاری پێدەکەن، گوتارێکی کلاسیک و لەهەمانکاتدا تەنیا هات و هاوار و قەرەباڵغییەکی پڕوپاگەندەییەو هیچی تر. لە خولەکانی رابردووشدا دووپات بۆتەوەو بێگومان ئەگەر لەئاییندەدا هەمیسان هەڵبژاردنێکی سەرانسەری بکرێتەوە، هەمان ئەو دروشم و پڕوپاگەندانە بێ کەم و کوڕی دەرخواردی هاوولاتییان دەدرێ. بێجگە لەوەی هاوولاتییان باوەڕییان بەپێکهاتنی ئەم دروشمانە نییە، تەنانەت بەشێوەیەک لەشێوەکان خودی حیزب یان لایەنی بەشداربووش باوەڕی بەپێکهێنانی ئەم دروشمانە لەواقیعدا نییەو وەک ماسکێک ـــ دیارە پێشتریش کەڵکی تایبەتیی لێ وەرگرتووە ـــ بەکاری دێنێت.
بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و ئەو وڵاتانەی لەبواری دیموکراسیی دا ئەزموونێکی زۆریان هەیە، لێرەدا گوتارو هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نییە کە لایەنی براوە و دۆڕاو دەست نیشان دەکات، بەڵکو هەستیاریی و نیگەرانی هاوولاتییانە کە بێ سەرنجدان بەکارنامەو دروشمی لیستەکان دەنگ دەدەن. بەواتایەک هەڵمەتی پڕوپاگەندە کاریگەرییەکی زۆر بچووک و پاسیڤی هەیە لەسەر رەوتی هەڵبژاردنەکان. لیستەکانی بەشداربووش ـــ بەتایبەت ئەوانەی کە سەرکەوتنیان مسۆگەرە ـــ ئەم راستییە دەبینن و بەلایەنی نیگەتیڤدا زۆرتر دنەی ئەم بارودۆخە دەدەن. نانەوەی دڵەڕاوکێ و مەترسی سەبارەت بە ناسکبوونی هەلومەرج وا لەهاوڵاتی دەکات کە بێ شەرت و مەرج دەنگی پێ بدات و کەم و کوڕییەکانی زەق نەکاتەوە. هاوولاتی هەر چەند لەدوڕیانی دەنگدان یاخود دەنگنەدان دا پەلەقاژە دەکات، لەئاکامدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەنگ بدات.
هەر چەند وەک ئاماژەمان پێدا گوتاری هەڵبژاردن کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئاکامەکاندا نانێت، بەڵام هەڵوەستەکردن لەسەری خۆی لەخۆیدا پێویستە، چونکە تا دوا ڕادە ڕوویەکی هەڵخەڵەتێنەرانەی هەیە و شیاوی کۆمەڵگایەکی وەک ئێمە نییە. تەنانەت ئەو گوتارانەی لەلایەن حیزبەکانەوە لەهەڵمەتی پڕوپاگەندەدا بەکار دێن، پێچەوانەی ئامانج و ستراتیژیی حیزبەکانیشەو لەگەڵ دروشم و بەرنامەکانی دا پارادۆکسی هەیە. هەر لەو فەزا بێ لێپرسینەوەدا سکۆلارەکان گوتاری ئایینی بەکار دێنن و ئایینییەکانیش گوتاری نەتەوەیی. زۆرجار لەمیدیاکانی سەر بەئەحزابدا گوێت لەو پارادۆکسە دەبێ، لەکاتێکدا ئاژیتاتۆر باس لەیەکگرتوویی و پێکەوە ژیان دەکات لەسەر خاکێکی هاوبەشدا، مارشێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی تۆخ خوێنی دەمارەکانت دێنێتە کوڵ و هەموو مووی لەشت ڕاست دەکاتەوە.
هەڵمەتی هەڵبژاردن لەوڵاتێکدا کە بانگەشەی دیموکراسی هەبێ، دەبێتە سەکۆیەک بۆ پلاتفۆرمی لیستەکانی بەشداربوو. لە ململانێیەکی ساغڵەمدا، لیستەکان هەوڵی لەقاودانی گەندەڵییەکانی یەکتر دەدەن و بۆ ئەوەی کە لیستێک بەڕێگەی ئەوی تر لەقاو نەدرێ، خۆی دەستپێشخەری دەکات و شەفافانەو

بەجەسارەت دێتە مەیدان. لەهەڵمەتی هەڵبژاردن دا زۆرتر کارنامەی رابردوو هەڵدەسەنگێنرێ نەک دروشمەکانی داهاتوو. حیزب پێویستە دابەزێتە ناو شەقام و ئەو خاڵانە بژمێرێ کە لەخولی رابردوو دا باسیان لێوە کرابوو و ئێستاکە تێیدا سەرکەوتووە. نەک وەها بێدەنگ و سازشکارانە چاوەڕوانی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بێت.

بەبەراوردێک لەگەڵ هەڵبژاردنە مۆدێرن و دیموکراتییەکاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە گوتاری هەڵبژاردنی لەمەڕ خۆمان چەندە نامەعریفی و نارۆشنبیرانەیە. گوتارێکە بەگشتیی لەتەوەرەیەکی ئایینی ـــ نەتەوەیی تەسکدا خول دەخوات. لەرۆشنگەری جەماوەر زیاتر هەوڵی وروژاندنیان دەدات. بەو پێیە، هەڵچواندن و وروژاندنی هەستەکان لەشوێنی وشیارکردنەوە ناتوانێ زانستی بێت و چەندە ئەو کەسە یاخود دەنگدەر لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا بەشدار بووە دیار نییە.